




# خەجێ نیشتمانە


## (دەرزی ئاژەنێک بە نێو خەون و یادگەدا)


تاریق کارێزی

هەر کە تابلۆیەکی دەبینی، گورج دەزانی ئەمە بەرهەمی ئەو هونەرمەندەیە. دلێر محەمەد شەریف (١٩٦٥- کەرکووك) کە تەمەنی گەنجایەتیی خۆی لە خەباتی نێو چیادا بەسەر بردووە، ئەمڕۆ بە هونەر ئەزموونێکی (٢٧) ساڵەی نێو شارێکی ئازادیشی بەسەر کردووەتەوە. بە ڕەچاوکردنی هەردوو ئەزموونەکەش، مرۆڤ چاوەڕوانی گوتارێکی دیدەییانەی متمانە بە خۆ لەم هونەرمەندەی شاخ و شار دەکات.

ئەگەر لە ناونیشانی پیشانگاکە (دوێنێ خەجێ، چیرۆکی نیشتمانێك بوو) ورد ببینەوە، هونەرمەند ئاشکرا بینەری گوتارە دیدەییەکەی بانگ دەکات، کە پێکەوە گەشتێك بۆ پەی بردن بە ڕاز و نهێنییەکانی نێو کۆخەون و یادگەمان بکەین. مرۆڤ لە نێوان ڕۆژانی شاخ و شاری مەردانی شۆڕش و پیاوانی سەر تەخت و دەسەڵاتدا، رووبەری بۆشاییەکی بەرین دەبینێت، کە چەندین پرسیاری هەستیار دەخاتەڕوو. خۆ ڕەنگە ناخ و بیر کردنەوەی بێگەردانەی هونەرمەندێك، کە خەباتی سەختی شاخی دیوە، لە ئاستێکی بەرزی هەستەوەری و بەرپرسیاریدا بێت، ئیدی بۆیە پتر لە خەڵکی دی چاوی لە بەدی هاتنی دروشم و خەونەکانی شۆڕشە، کەچی تێك چڕژانی بەرژەوەندی و خواستی لە بن نەهاتووی مرۆڤی شاری، کە هەمیشە بە دوای خەونی شادی و خۆشگوزەرانییەوە وێڵە، واش پێ ناچێ کە بە ئاسانی پێی بگات، چەندین پرسیار لە ناخی هونەرمەند دەورووژێنن.

لە رووی پێکهاتەی تابلۆوە، دلێر زۆر وابەستەی مرۆڤە وەك فیگەر و بابەت، مرۆڤ بووەتە شا فیگەری بەرهەم و گرێژەنەی کار کردنی ئەم هونەرمەندە. ئەدی ئەوە نییە هەموو قوربانییەك تا رادەی بەخشینی ڕۆح و گیان، لە پێناو شادی و بەختەوەریی ئەودا دەدرێت. مرۆڤ لە هەموو تابلۆیەکی ئەم هونەرمەندەدا فیگەری سەرەکییە، پەیوەندیی نێوان جووت ڕەگەزی (نێر و مێ)





یش، هەردەم سەرچاوەی گەورەترین داستانەکانی دنیای هونەر و ویژە بووە. ئەو پەیوەندییە ئەزەلی و نەبڕاوەیە، تا مرۆڤ ما بێت، رازی پەنهانی ئەڤین ناخی دەهەژێنێ، سەرسەختترین و دژواترین مرۆڤیش (ئەنکیدۆی نێو داستانەکەی گەلگامێش نموونەیەکە) دەستەمۆ دەکات، دەی هێنێتە سەر راستەڕێی ژیانەوە.

دلێر محەمەد شەریف لە رووی رەنگ و فۆرم و تێکڕای ئەتمۆسفیری تابلۆوە، دوای ساڵانێکی زۆری کار کردن، شێواز و ستایلی تایبەت بە خۆی گەڵاڵە کردووە. لەم رووەوە گوتارێکی روون و رەوانی دیدەیی دەخاتە روو، راستەوخۆ هەست و نەست و خەون و خولیای بینەر دەدوێنێ. لەوەدا سەرکەوتووە کە کولتوور و کەلەپووری نەتەوەکەی کردووەتە پاشخانی گوتارەکەی، بە گوتارێکی جوان و روون، چاوی بینەرانی دەدوێنێ.


ئەو کاتەی هونەر وابەستە بە پاشخانی خۆماڵیانەی دەبێت، بە دڵنیاییەوە وەك مەڵۆیەکی نوێ دەچێتە سەر خەرمانی کولتووری ستاتیکای جیهانەوە. فەرەنجی (قاپووتی شوان، لە خوری دروست دەکرێت) بە رەنگەکەی هێمای خاك و بە کرداریش پۆشاکی شوانە، شوانیش لە کوردەواریدا بەرپرسیارییە «ئەگەر شوانیت بۆ ناکرێ، داری شوانی فڕێ دە». فەرەنجی بە رەنگی خاکی و جێی لە ژیانی گوندەواری کوردەواریدا، دەبێتە هێما و ئاماژەی ژیان. نیشتمان لە نێو کورددا ناوی کچە. واتە لە کۆبیر و کۆنەستی مرۆڤی کوردستانیدا، نیشتمان هەم وڵاتە، هەم خۆشەویست. خۆشەویستیی دووانەی (خەجێ: نیشتمان) لە ئاستێکی فرە باڵایە، مرۆڤی عاشق و سەوداسەری کورد، چ ئەمڕۆ و چ دوێنێ، سڵی لەوە نەکردووەتەوە، گیانی لە پێناو ئەو دووانەی خۆشەویستییەدا بەخت بکات.

هونەرمەند بۆ ئەوەی پتر بینەر بەرەو دنیای خەون و خەیاڵ، حەز و خواستەکان ببات، دەبینین رەنگی شین و تۆنەکانی ئاوێزانی نەخشەکارییەکی ورد دەکات، کە زۆر جار بەرەو چوارچێوەی تابلۆش درێژ دەبێتەوە، ئەم جۆرە رەنگ و نەخشە خەیاڵدانی مرۆڤ بە قووڵدا دەبەن، لە دنیای خەون و خەیاڵ، ویست و ئارەزووی نزیکی دەکەنەوە.

هەشتەمین پیشانگای دلێر (کانوونی یەکەم/ ٢٠١٧ لە سلێمانی، شوبات/ ٢٠١٨ لە هەولێردا کرایەوە)، چڕ کراوەی ئایدیای کوردانەیە لە بارەی داستانی عەشق و خۆشەویستی. نەم بیستووە هیچ نەتەوەیەك هێندەی کورد داستانی عەشق و ئەڤینی هەبێت. ئەڤین تیرۆژێکی سپی رەنگی بێگەردە، ئەڤینداران بە پلەی پیرۆزی دەگەیەنێت، بۆیە کۆتایی هاتنی بە تراژیدیای مەرگ بە لای عاشقانی کوردەوە ئاسایی بووە. خەجێ، شیرین، زین، ستی. هتد، نموونەی ئەشقی پاکی سیامەند، فەرهاد، مەم، فەرخ. هتد، بوون. ئیدی بۆیە پیرۆزیی نیشتمان، کە مرۆڤی ئاوێزانی مەرگ کردووە، خۆی بۆ کردووە بە پێشمەرگە، دووبارە بوونەوەی هەمان عەشقی قووڵ و ئەڤینی سەوداسەرانەیە.

ملی درێژی فیگەری نێو تابلۆکان جێی سەرنجە، ئەمەش وابەستە بە ئیدیۆم و ئایدیایەکە (مل درێژی مەکە)، واتە تەماحکار و چلێس مەبە. کەچی تەماح لە نێو باخی فرە رەنگ و فرە بۆی ژیاندا، ملی مرۆڤەکان هێندەی ملی حوشتر درێژ دەکات. دۆخی سایکۆلۆژییانەی مەردانی خەباتی شاخیش لە شاردا جۆرێك نائارامی بە خۆوە دەبینێت، تا رادەی لە خشتە بردن و پشت کردنە دروشمەکانی دوێنێ. ئاخر هەندێ کەس خەجێی دوێنێ لە بیر دەکەن، شۆڕە کچانی نێو تەلار، ناز و بازی ژیانی شار تەفرەیان دەدات. نیشتمانێك کە ئەوان خۆیان بۆ بەخت دەکرد، ئەمڕۆ بووەتە مۆڵگەی چێژ و خۆشی. لەم جومگەیەوە دلێر محەمەد شەریف، گوتارە جوانەکەی ئاراستە کردووە.





# جاهان رەخنە لە هاوسەرەکەی دەگرێت



خانمە نمایشکاری پێشووی هیندستان حاسین جاهان لە لێدوانێکدا پەردەی لەسەر ژیانی هاوسەریی خۆی لادا و رایگەیاند کە محەمەد شامی هاوسەری و یاریزانی ناسراوی کریکێتی بە فێڵکردن و ناپاکیی خێزانی و بوونی پەیوەندی لەگەڵ چەند ئافرەتێك و ئازاردانی دەروونی و جەستەیی تۆمەتبار کرد.

جاهان لە لێدوانەکەیدا بۆ (ABP News) ئەوەشی ئاشکرا کرد کە هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکەیان بە بنبەست و جیابوونەوە نەگات، بەڵام لە جیاتی ئەوە شامی و ئەندامانی خێزانی هەڕەشەیان لێکرد، ئەمەش وایکرد کە هیچ دەرفەتێکی لەبەردەمدا نەمێنێت، تەنیا ئەوە نەبێت کە بە ئاشکرا هەموو شتێك بۆ راگەیاندن و رای گشتی بدرکێنێت، جاهان لەم بارەوە وتی: شامی لە رووی جەستەیی و دەروونییەوە زۆر ئەشکەنجەی دام و هەڕەشەی لێکردم کە ژیانی هاوسەری لەگەڵ ئافرەتێکی تر پێکدەهێنێت، بەڵام من بە ئاسانی جیانابمەوە و گشت کار و کردەوەکانی ئاشکرا دەکەم و لە بەرامبەر ئەو ئازاردانەی پەلکێشی دادگای دەکەم.

مۆدێلی پێشووی هیندستان هەروەها وتی: دوای یەك مانگ لە ژیانی هاوسەریمان من ئاگاداری هەموو کردەوەکانی بووم، دوای ئەوەی مۆبایلێکم لە نێو ئۆتۆمبیلەکەی دۆزییەوە چەندین وێنەی لەخۆ گرتبوو کە بەڵگەی ناپاکییەکانی بوون، بەڵام بێدەنگیم هەڵبژارد، من باش ئاگادار بووم کە پەیوەندیی نهێنیی لەگەڵ دەیان ئافرەت هەبوو کە باس ناکرێت، چونکە ئەوانەی من ئێستا باسیان دەکەم، بەشێکی زۆر کەمن لە راستییەکان و ئەگەر خەڵك ئاگاداری هەموو شتێك بن، ئەوا تووشی شۆك دەبن.

# ڤیرجی سروودی نیشتمانیی ئەمریکی نازانێت



دوای ئەوەی پێش چەند رۆژێك لە میانەی ئاهەنگێك کە چوارچێوەی یارییەکی تۆپی سەبەتەی خولی یاریزانە پیشەگەرەکانی ئەمریکا ساز کرابوو، بە هۆی گوتنەوەی سروودی نیشتمانیی ئەمریکی بە شێوەیەکی سەیر و گۆڕینی بەشێکی سروودەکە، خانمە گۆرانیبێژی ئەمریکی ڤیرجی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان رووبەڕووی هێرشێکی گەورە بووەوە.

ڤیرجیی تەمەن ٤٢ ساڵ بەشێوەیەکی زۆر سەیر سروودی نیشتمانیی ئەمریکی گوتەوە و چەند گۆڕانکارییەکی گەورەی لە ئاوازەکەیدا کرد کە بۆ ئامادەبووان نامۆ بوون و تووشی شۆك و سەرسوڕمانی کردن، بۆیە هێرشێکی توندیان کردە سەری. بەشێك لە ئامادەبووان کەسانی دیاری نێو کۆمەڵگە و میدیاکاری ناسراوی ئەمریکا بوون لەوانە جیمی کیمیل کە یەکێکە لەو میدیاکارانەی بە هێرش کردنە سەر کەسایەتییە ناسراوەکانی ئەمریکا و جیهان و بە شێوەیەکی ئاشکرا رەخنەیان لێدەگرێت. کیمیل هەر لە ناو ئاهەنگەکەدا کە گوێی لە ڤیرجی بوو، خۆی بۆ نەگیرا و دەستی کرد بە پێکەنین و بە پێکەنینەکەیشی زیاتر سەرنجی ئامادەبووانی راکێشا و بە ئاشکرا رەخنەیان لە ڤیرجی گرت.

ئەوەی زیاتر هەڵوێستی ڤیرجیی ناخۆش کرد، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوون کە دوای ئاهەنگەکە هێرشێکی زۆر توندیان کردە سەری، تەنانەت گەیشتە ئەو رادەیەی بەوە تۆمەتباریان کرد کە لە کاتی ئاهەنگەکەدا سەرخۆش بووە، بەڵام سەرەڕای ئەو هێرشەی توند و بەرفراوانەی کرایە سەری ڤیرجی هیچ کاردانەوەیەکی نەبووە و بێدەنگی هەڵبژارد.

لە بەرامبەردا ئەستێرەی ناسراوی ئەمریکا ماریا کاری پشتیوانی خۆی بۆ ڤیرجی راگەیاند و لە تویتێکدا نووسیبووی: گوێ لەو کەسانە مەگرە کە رقیان لێتە.



# هاوسەرەکەی سمێس مۆبایلی لێ قەدەغە کردووە

هەرچەندە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەنستگرام یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە ئەستێرە و یاریزانە ناسراوەکانی جیهان بە جەماوەرەکەیان دەبەستێتەوە و تێیدا هەواڵی کارەکانیان بڵاودەکەنەوە، بەڵامدوای چەند ساڵێك لە داهێنانی ئەنستگرام پێش چەند مانگێك وێل سمێسی ئەستێرەی ناسراوی هۆڵیۆد ئەکاوەنتێکی بۆ خۆی کردۆتەوە.

لەو کاتەوەش سمێس بەردەوام هەواڵ و ساتە خۆشەکانی ژیانی لەگەڵ جەماوەر ئاڵوگۆڕ دەکات و لە پەیوەندییەکی بەردەوامدایە لەگەڵیان، جگە لەوەی چەندین ڤیدیۆی کۆمیدیی خۆی بڵاودەکاتەوە و جەماوەرەکەشی پێشوازییەکی بێ وێنەیان لەو هەنگاوەی کردووە و ڤیدیۆکانی بەشداری پێدەکەن.

لە ماوەی تەنیا چوار مانگدا ژمارەی ئەو کەسانەی سەردانی ئەکاوەنتی سمێسیان کردووە لە ئەنستگرام گەیشتۆتە زیاتر لە ١١ ملیۆن کەس، ئەمەش وایکردووە کە سمێس ڕۆژانە ڤیدیۆیەك بڵاو بکاتەوە، ئەمەش وادەکات کە لە کاتێکی کەمدا پێشبینی دەکرێت ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار بکات.

جادا بینکێتی هاوسەری سمێس لە بارەی ئەم هەنگاوەی هاوسەرەکەی دەڵێت: دوای ئەوەی ئەکاوەنتی ئەنستگرامی کردەوە، زۆر لەگەڵم دانانیشێت، بەڵکو هەر خەریکی تۆمارکردنی ڤیدیۆ و وێنەی نوێیە بۆ ئەوەی بڵاویان بکاتەوە بۆ جەماوەرەکەی، بۆیە منیش بڕیارم داوە کە ڕێگای پێ نەدەم بە هیچ شێوەیەك لە ماڵەوە مۆبایل بەکار بهێنێت.

## میرهان حوسێن:

# زۆر لە پیاوان کۆت و بەند بۆ ئافرەت دروست دەکەن



سەرەتا لە بەرنامەی ستار ئەکادیمی دەستی پێکرد و بە جوانی و هاروهاجی ناسراو، دواتر لە گۆرانییەوە رووی لە نواندن کرد و لە چەندین زنجیرەی تەلەفزیۆنی و فیلمی سینەمایی بەشداری کرد و لەو بوارەشدا سەرکەوتنی بێ وێنەی بەدەستهێنا. میرهان حوسێن لە کاری نواندن بەردەوامە و بە یەکێك لە ئەکتەرە ئازادەکان ناسراوە و زۆربەی کاتیش لە نێوان میسر و لوبنان بەسەر دەبات. لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و بەمجۆرە وەڵامی دانەوە.

سەفا عەبدولڕەازق - قاهیرە

**• لە ستار ئەکادیمی دەستت پێکرد، بەڵام سەرەڕای دەنگە خۆشەکەت بۆچی رووت لە نواندن کرد؟**

- من حەزم لە نواندن بوو و بینیم کە لە نواندن دەرفەتی زیاترم بۆ دەڕەخسێت، چونکە گۆرانیبێژ زۆرن، بۆیە نواندن زۆر سەرنجی راکێشام و لەگەڵ بیرکردنەوە و کەسایەتیم گونجا زیاتر لە گۆرانی وتن، سەرەڕای ئەوەش چەند پرۆژەیەکی گۆرانی وتنم هەیە، هیوادارم بتوانم کارێك ئەنجام بدەم کە گۆرانی و نواندن بە یەکەوە کۆبکاتەوە.

**• ئەزموونەکەت لەگەڵ تامر حوسنی لە (عومەر و سەلما٢) چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- یەکەم ئەزموونی من بوو لە بواری نواندن وەك ئەکتەرێکی پیشەگەر، ئەزموونێکی خۆش بوو، چونکە بەشی یەکەمی فیلمەکە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنابوو، زۆریش سوودم لە تامر حوسنی و مەی عزەددین بینی.

*** مەرجەکانی گۆرانیبێژی سەرکەوتوو چین؟**

- بەر لە هەموو شتێك پێویستە خاوەن دەنگێکی خۆش بێت، واتە بەهرەی هونەری هەبێت.

*** رات چییە بەرامبەر ئەو دیاردەیەی کە پێی دەڵێن گۆرانیبێژانی جەستە نەك خاوەن دەنگ و بەهرەی هونەری؟**

- هیچ کەسێك ئەگەر دەنگی خۆش نەبێت، ناتوانێت گۆرانی بڵێت، ئەگەر گۆرانیش بڵێت و کلیپیش تۆمار بکات، جەماوەر جارێك سەیریان دەکات، دواتر پشتی تێدەکەن و بە ئاشکرا پێی دەڵێن واز لە گۆرانیگوتن بهێنێت زۆر باشترە.

*** کلیپ تا چەند گرنگە بۆ هونەرمەند؟**

- ئێستا دەتوانین کلیپ بە ئاوێنەیەك وەسف بکەین کە هونەرمەند خۆی تێدا دەبینێتەوە، لە هەمان کاتدا دەتوانێت لە رێگای کلیپەوە بزانێت تا چ رادەیەك لە دڵی جەماوەردا شوێنی خۆی کردۆتەوە، چونکە ئەو گۆرانییەی کلیپی بۆ دەکرێت، زیاتر بڵاو دەبێتەوە، بۆیە یەکێك لە کارە سەختەکانی هونەرمەند ئەوەیە لە بەرهەمەکەیدا چ گۆرانییەك بکات بە کلیپ.

*** رات چییە بەرامبەر ئەو کلیپانەی ئێستا بڵاودەبنەوە؟**

- بێگومان ئێستا کلیپ بەشێکی گرنگی بەرهەمی هونەرییە و هۆکاری ئاشنابوونی جەماوەرە بە گۆرانی، لە ئێستادا کلیپی زۆر جوان هەن، زۆر ئاساییە ئەگەر بینەران گلەییان لە هەندێك کلیپیش هەبێت و رەخنەی لێ بگرن.

*** لە چ شتێك پەشیمانی؟**

-پەشیمان نیم لە شتێکی دیاریکراو، چونکە هەنگاوەکانم دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر دەهاوێژم، بەڵام رەنگە هەندێك کارم کردبێت، لەجیاتی سوود، زیانیان پێگەیاندووم بەشێوەیەکی رێژەیی.

*** لە ژیاندا چ سیفەتێکی مرۆڤت بە دڵە و رقت لە چ سیفەتێکە؟**

- دووڕوویی و رێزنەگرتن لە بەرامبەر، دوو سیفەتن کە زۆر پێیان دڵتەنگ دەبم، لە هەمان کاتدا حەزم لە راستگۆیی و پەیمان بەجێ گەیاندنە، واتە حەزناکەم کەسێك پەیمانم پێ بدات و بەجێی نەگەیەنێت، منیش هەروا.

*** بۆچی بیرت لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری نەکردۆتەوە؟**

- بەڕاستی من ئێستا ئەو بیرۆکەیە رەت دەکەمەوە، رەنگە ئەمە بۆ هەندێك کەس مایەی شۆك بێت، بەڵام هەست دەکەم کە پێویستم بە دەرکردنی ئەم بڕیارە نییە و بیریشی لێ ناکەمەوە، ئەویش بە هۆی ئەو کۆت و بەندانەی کە پرۆسەکە بەسەر ئافرەتدا دەیسەپێنێت.

*** ئەمە تاکە هۆکارە بۆ رەتکردنەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری؟**

-لە راستیدا من حەزدەکەم بە ئازادی بژیم و نامەوێ هیچ کۆت و بەندێك لە ژیانی مندا هەبێت، لە هەمان کاتدا نامەوێ لە ژیانێکی ساختەدا بژیم و ناتوانم راستگۆ نەبم لەگەڵ لایەنی بەرامبەر، ئەمەش وات لێدەکات کەسێکی گونجاو بدۆزیتەوە بە هەموو پێوەرەکانەوە، کە لە راستیدا دۆزینەوەی ئەم جۆرە کەسە ئەستەمە، چونکە لە راستیدا زۆربەی پیاوان ئازادی بە ئافرەتان نابەخشن.

*** هیوا و ئاواتەکانت چین؟**

- هیوادارم هەمیشە بەردەوام بم لە سەرکەوتن لە ژیانی هونەری و ژیانی ئاساییمدا و مرۆڤێکی بەهێز و بە توانا بم، بەڵام لە ژیانی هونەریدا هیوادارم بتوانم هەمیشە لە لوتکەدا بم و جەماوەر رازی بێت لەو کارانەی پێشکەشیان دەکەم.

